سەرۆک وەزیران داوا لە کەرتی پیشەسازی تایبەت دەکات، وەبەرهێنان لەو کەرستە سەرەتایانە بکەن کە لە عێراقدا بەردەستن

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە پارێزگای نەجەف کارە جەبەجەکاریەکانی لە پرۆژەی کارگەی دیار بە بەرهەمهێنانی شوشە ڕاگەیاند.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران بڵاویکردەوەئەم پرۆژەیە یەکەم پرۆژەیە، بەپێی ئەو گەرەنتییە سەروەریانەی کە لە بودجەدا پەسەند کراون و بە هەماهەنگی لە نێوان بانکی بازرگانی عێراقی TBI و بانکی هێناردەکردنی ئەڵمانیا جەبەجێ دەکرێت، هەروەها نوێنەرایەتی گرنگترین شوێکانی هاریکاری لە نێوان عێراق و ئەڵمانیا دەکات کە بناغەکانی لە میانەی سەردانەکەی بەڕێزیاندا بە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دانرا.

سودانی پیرۆزبایی دەستپێکردنی ئەم پرۆژە گرنگەی کرد و هەوڵەکانی دەستەی شارە پیشەسازییەکان و وەزارەتی پیشەسازی و لایەنە پاڵپشتییەکانی دیکەی بەرز نرخاند و جێختی لەوە کردەوە کە ئەم کارگەیە لە شارەکی پیشەسازیدا جەبەجێ دەکرێت و لەلایەن وەبەرهێنەرەکەوە کە هەموو خزمەتگوزارییەکانی گرتووەتەئەستۆ ئینجام دەدرێت، هەروەها شارە پیشەسازییەکە ئامادە کاری دەکات بە لەخۆگرتنی پیشەسازییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ئەمەش تایبەتمەندییەکە و ئاواتخوازین لە هەموو

پارێزگاکاندا جێبەجێ بکرێت.

سودانی ئاماژەی بە پێژە نوێیەکە کرد، کە یەکەم پێژەیە بە بەرهەمهێنانی شوش و توانای بەرهەمهێنانی 800 تەن شوشی هەیە لە ڕۆژەکدا، واتە 25%ی پێویستی بازاڕی ناوخۆ دابین دەکات، کارگەکە پشت بە مادەی سیلیکا دەبەستێت کە لە عەراقدا بەردەستە و جێختی لە بەردەستبوونی چەندین ماددەی سەرەتایی دەکێ کردەوە کە وەبەرهێنانیان بە نەکراوە، هەروەها فەرمانی پێویستی جێبەجێکردنی کرد بەپێی پلان و خشتەی کات.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران جێختی لە پشتیوانی حکومەت کردەوە بە کەرتی تایبەت و دابینکردنی گەرەنتی بە هەموو پێژانەی کە نوێنرایەتی ئەولەویەتەکان دەکەن، بەتایبەتی کەرتی نیشتەجێبوون و بیناسازی کە نوێنرایەتی خواستەکی گەورە دەکات بە کەرەستەکانی بیناسازی و ئاماژەی بەوە کرد وەاتکەمان پێویستی بە سە ئەوەندەی کارگەکانی ئەستا هەیە بە داپشین و داوای لە کەرتی تایبەتی کرد وەبەرهێنان لەم دەرفەتە گرنگە بکەن لە چوارچێوەی بەردەوامبوونی حکومەت لە لابردنی بەربەستەکان و بیرکراسی، چونکە ئەم ڕەچکەیە دەرفەتی کاری ڕاستەقینە دابین دەکات و پیشەسازییە گەورەکان لەم شارە و شارە پیشەسازییەکانی دیکە خێجێی دەکات.